# مەلێکی خنکاو لە نێو فنجانی قاوەدا

- خودا بتگرێ .. ئەو ئێوارەیە هەر دەتوت بۆنی مەرگەساتێکت کردووە...

لە حەوشەکەدا خولت دەخوارد و یەکەیەکە گوڵەکانت بەسەرکردەوە

من سواری گەمی رۆمانێك بووم و.. وەدیارکەوتنی دورگەیەك خەیاڵیبردبووم

من هێشتا بەسەر شەپۆلەکانەوە بووم ..

کە لە پڕ بزر بوویت و هەر بە پڕتاو هاتیتەوە

- پرسیم: لە کوێبووی .. بۆ وا شڵەژاوی؟

+ وتت: گیانە دیسانەوە قاوەم بۆ گرتیتەوە

- دەباشە ئەمجارەیان لە فنجانەکەدا چیت دۆزییەوە؟

+ ژنەی قاوەگرەوە پێی وتم: لەم فنجانەدا شتێك وا بە ئاسمانەوە

چاوم درۆم لەگەڵا نەکات: فڕۆکەیە یان فڕندە

کەسێکی زۆر ئازیزت هەر ئەمساڵا سەفەرێکی زۆر دوور دەکا

رووەو وڵاتێك غەریقی دەریاچە و دارستان

وڵاتێك بەفر تیا ناتوێتەوە

- مردووی درۆی تۆ و قاوەگر

دە نێو فنجانی قاوەیەکی رەشدا بەفر چ دەکا..؟

+ مەکربازانە وتت: قاوەی من درۆ ناکات..

ئەی بیرتە حەڤدە ساڵا بەر لەمڕۆ..

وەك هەنووکە قاوەم گرتەوە.

لە فنجانەکە راما و پێی وتم: تۆ شوو بە کوڕێك دەکەی تەنیا و ..

غەریبە لەم شارە ..!

- ئاخ گیانی من .. خودا قاوەگر بگرێ بۆ خۆی و پێشبینی

من هەنووکە ئەو فڕندەیەم کە لە نێو فنجانی قاوەدا خنکاوم

هەردوو چاوانم .. قوڕگم پڕبووە لە قاوەی تاڵا

تاڵتر لە ژەقنەبووت..

رەشتر لە ڕەژوو..سیاترە بەختم لە کێڵگەی قەرەبروت

من بۆ خۆم بوومەتە مەلێك: ئاسمانم هەر بەفرانبارە و ..

زەوی خواریشم سەهۆڵبەندان

هەنووکە حاڵی بووم .. دەکرێ لە فنجانی قاوەیەکدا هاوین بێ و..

کەچی بەفر ببارێ

ئەوەن ببارێ تا منی فڕندە هەردوو باڵم هەڵدەوەرێن ..

من ئێستا حاڵی بووم.. نە فنجانەکان و نە قاوەگرەوەکان لە یەکدی ناکەن

چ شیرین بوو ئەو قاوەیەی منی غەریبی بە تۆ ئاشنا کرد

چ تاڵا بوو ئەو قاوەیەی منی تەنیای لە تۆی بێکەس جودا کرد

بەر ڕەحمەتی عاشقان کەوێت قاوەگرەوەی ئەوەڵا

بەر غەزەبی من کەوێت ئەوەی دووەم

هەموو شەوێك بە یادی تۆوە قاوەیەك لە کن ئەو ژنە

(چیچان)ییە دەخۆمەوە و قڵپی دەکەمەوە

ئەو بۆ مێردە کوژراوەکەی دەگری و ... باس لە خنکانی مەلێك ..

دەکا لە نێو فنجانەکەدا .. کە منم

وەلێ بە زمانێك هەلاهەلا

ئۆقره ناگرم و لای ئەو کچە پەنابەرە ئەفغانییە کە شەوانە ..

گوێم لە نالینی دەبێ

قاوەیەك دەخۆمەوە و قلپی دەکەمەوە

لێی دەپرسم : تۆ تاکەی دەگری و دەنالێنی ..؟

وێنەی لاوێکی کاکۆڵا رەش دەردێنێ و دەگری

بە دەم تێڕامانەوە لە فنجانی بەختم..

بە زمانێکی لەت و پەت ... لە کەوتنە خوارەوەی مەلێك دەدوێ ..

کە منم ...!

لای ئەو کچەش قاوەیەك فڕ دەکەم کە رۆژێ (صربی)یە و

رۆژێ ( بۆسنی) و .. رۆژێکیتر (ئەلبانی)

هۆن هۆن بۆ پاکیزەیی خۆی دەگری ..

نازانێ کێبوو دەنێو ئاشوبێکدا تاریکی پۆشی بوو

پیاوێك .. چەندین پیاو لە وێنەی شمشێرێکی خوێناوی ..

بێ بنیان کرد و .. لێیانداو .. بزر بوون

زمانی خوێن دەتکێنێ و باسی ئاسمانێکی خنکاو دەکا بە دووکەڵا

سەر لێشێوان و کۆچ و بزربوونی قەتارەیەك قەتێ:

کە هەمدیس منم ..!

من کەی ئەوەندە عاشقە قاوەم بووم ..

بەڵام ئیدی شەوانە چەندین قاوە دەخۆمەوە و قڵپیان دەکەمەوە

ئەوە خودایە ... لە یەکێکیان ئەو مەلەی ئاسمانی خۆی لێگۆڕاوە

رێ وێڵا نەکا و ... بگەڕێتەوە

من دەبم بە کوڵخانی قاوە تا ئەو مەلە رووەو هێلانەی

دڵەکەت دێتەوە ..!

فنلەندا/(کەمپی تامپێرێ) زستانی/1997